# دەزگای بەدرخان لە پێشانگای فرانکفۆرت مەدالیای ڕێزلێنانی دابە پرۆفیسۆر جەمال نەبەزو دکتۆرە  هە نە کویشلەر



دکتۆرە هە نە کویشلەر دۆست ودلسۆزی گەلی کوردەتا ئێستا چەندین بابەت ولێکۆلینەوەی لە سەر کوردنووسیوە و خزمەتی زۆری بە کلتوری کوردی کردووە ، دکتۆرا نامەکە شی لەسەر گەلی کورد نووسیوەباسێکی سۆسیۆلۆجیە  دووبە شە لە ژێر ناوی: بیرو ڕای گشتی. سەرنج دانێکی تیۆریانە ومیتۆدۆلۆژیانەلەگەل لێکۆلینەوەیەك وەک نمونە لەبارەی لە خۆ تێگەیشتنی کورد( کورد خۆیان چۆن خۆیان دەبینن).

سەدان دیکۆمێنتی بەکار هێناوە بە زمانەکانی ئینگلیزی.فرەنسی،المانی،کوردی. بە تایبەت چۆتە ڕوسیا بۆ فێر بوونی زمانی روسی شەش مانگ لە ئەنیستوتی پوشکین، زمان وئەدەبیاتی ڕوسی خوێندووە  بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو پەرتووکانەی لەسەر کورد نوسراون بە ڕوسی سودیان لێ وەربگرێ.

د.هە نە وەك ڕۆژنامەوانێکی چالاک کاردەکات تا ئێستا چەندین بابەتی لەسەر کوردوکوردستان لە ڕادیۆکانی ئەلمانی دا بلاوی کردۆتەوە، ، لە سالی 1996 دا بۆ ماوەی پەنجا دەقیقە بابەتێکی بەناوی( تینی ڕۆناکیەك پاش پەنجا ساڵ کۆماری کوردستان لە سالی 1946دا)،لە ڕادیۆی(دۆیکلاند فونك) بلاو کردۆتەوە،

ڕێکەوتی 13،10 لە پیشانگای فرانکفۆرت لەستاندی کوردی

سمینارێکی لە ژێر ناوی دیکۆمێنتی کورد لە مێژوودا پێشکەشکرد،پرۆفیسۆر جەمال نەبەز سەبارەت بە ناوەرۆکی بابەتی کۆڕەکە گووتی:" پاش سێ کارەساتی ژێرو ژوورکەر لە ماوەی سەد ساڵدا،ئایا پیالەکە بۆ کورد تا نیوەی پڕە یان تانیوەی بەتالە؟پیشاندانیچەند نە خشەیەکی مێژووی کوردستانی سەردەمی عوسمانی، قاجاری، ئیمپراتۆری قەیسەری ڕووسیا کە ئەو سەردەم کوردستان سەر بە چەند وولات بووە ،لە سالی 1918 بە پێ ی پەیمانی بریست هیتۆڤیس

کوردستان دا بەشکراوە، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم چەند دەولەتێکی ناسیونال لە **ناوچەکە دروستکران"**.
بریار بوو کوردستانیش ببێت بە دەولەت بەلام نەبوو , دوای تەواو بوونی سمینارەکە ،لە لایەن دەزگای بەدر خان خەلاتکرا،سەبارەت بەم خەلاتکردنە سەرۆکی دەزگای بەدرخان بەرێز حمید بدرخان گووتی: لە بەر ئەوەی دکتۆرە هە نە کویشلەر لە بواری ڕۆژنامەوانیوکورد ناسی ،لێکۆلینەوەی سەبارەت بەکلتورو دۆزە ڕەواکەی پێشکەش بەگەلی کورد کردووە،
بۆ یە ئێمە وەک دەزگای بەدر خان بە پێویستمان زانی مەدالیای ڕیزلێنان بدەین بە
خاتوو هە نە کویشلەری دۆستی کوردو پرۆفیسۆجەمال نەبەز ،بە ئامادە بوونی بەریزان ،شاعیر دلشاد عبداللە،د. سەر وەرعبداللە،الماس حسیب،ئامانج کاوانی،نەوشێروان نەمەلی،سالمێ جاسم،م.فەرهاد عزیز،اسۆ خانەقینی، اسۆ حیدەری،شاعیر خالید شەیدا،د.نەجاتی عبداللە،د.فەرهاد شاکەلی،ئەحمەدی مەلا،جەمال خەزنەدار،چەندین کەسایەتی ونوسەری کوردومێوانانی ستاندی کوردی.







یوسف مەنتک/فرانکفۆرت، ئەلمانیا